

# له دۆزەخ باران نابارێ

**سولەیمان عەبدولڕەحیم زادە**
**(بۆکان)**

دەنگی کوتەی دڵم ڕۆژەڕێیەک دەڕوا. پێم خۆشە؛ ئەرێ، سەیرەکە لەوەدایە پێم خۆشە. خەریکە دڵم لە ژێڵڵا دێ. دەبێ ڕابێم. لەسەر گڵکۆکە دادەنیشم. مستێک خۆڵ هەڵدەگرم. چاوی تێ دەبڕم؛ چەند مێروولەیەک لەناو گڵ و خۆڵەکەدا دێن و دەچن. ئەرێ ئەوە دەبێ مێروولەی کوێ بن؟ دۆزەخ، یان بەهەشت؟! پڕ بە دڵم دەمەوێ قاقا بکێشم. کەچی بەهەر جۆرێکە خۆم ڕادەگرم. مستەخۆڵەکە بە با دەکەم. تەنیا مێروولەکان دەمێننەوە. هەست دەکەم گاز لە بەری دەستم دەگرن. ئێشێکی سەرسووڕهێنەر دەڕژێتە گیانمەوە. ئازای ئەندامم خەریکە لە یەک بترازێ. لە تاوان چاوەکانم توند دەقوچێنم. هەست دەکەم وێک دێمەوە، دەگوشرێم، لوول دەخۆم، دەچمە نێو پێچەڵپێچێکی بێ کۆتاییەوە. ئێستا تێ دەگەم کاری ئەوانە. کاتێ چاو دەکەمەوە، دەبینم لەبەر دەروازەیەکی ڕەشی ئێکجار گەورە ڕاوەستاوم؛ یەک پارچە ئاسن. دوو تەقولبابی وەک کەللەسەری ماریان لەسەر چێ کردووە.

هەرچی دەکەم خۆم هەڵدێنم، خۆم هەڵداوێم، دەستم پێیان ناگات. "ئەوانە" کێن؟ ئەگەر ڕاستیتان دەوێ، بەباشی نایانناسم، "یەکیان نەبێ"! تەنانەت ژمارەشیان نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم کۆمەڵێک ژنن. سەراپا ڕەش لەبەر دەکەن. لەم کۆشکەدا، کە لەبەر درگاکەی ڕاوەستاوم، دەژین. ڕەنگە بپرسن، چوزانم ئەوان ژنن، - چەندە ڕقم لە دووپاتکردنەوەی "ئەوان"ـە- مەگەر دیومن کە دەڵێم ڕەشپۆشن؟ نەخێر، نازانم ڕاحەتی گیانە. کاری ئەوانە، چەند ژنی ڕەشپۆش خۆ دەکەن بە ژوورەکاندا، درگاکان یەک بە خۆیان پێوە دەدەن. دەرک و پەنجەرە دەکەونە لەرزین، بەڵام بەوپەڕی سەرسوڕمانەوە شووشەکان خرمە ناکەن و ناکەونە خوارێ. لاقەکانم تا قولاپە لە لمدا دەچێتە خوار. دەوران دەورم بیابانێکی وشک و بێ کۆتاییە، تا چاو هەتەر دەکا، دەبیندرێ. ژوورەکان، بۆنێکی سەیر داگیری کردوون. لەوە

دەچێ بۆنی شەراب بێ. "بۆ شەراب؟" دەنگی کەسێک کە لە جێگەیەکی نادیارەوەیە دەبیسترێ. خەریکە گۆرانی دەڵێ. ئێستا تا چۆکەکانم لە خۆڵدا ڕۆ چوووە. دەسپێکی گۆرانییەکە ئەمەیە: "لەگەڵ تۆمانە سەرچۆپی...!"

سەر دادەخەم. خۆڵ خول دەخوا؛ دەکەومە خولانەوە. خەریکە گێژ دە - نا - بم. "باوەخولێ..." لە سەرەخۆ هەوڵ دەدەم چاوەکانم هەڵێنم. تاریکی شەق دەبا. کوتەی بەردەوامی دڵم، شەوە؟ نەشمیل بەرەو پەنجەرەکە دەچێ، پەردەکە لادەدا، دەست دەبا پەنجەرەکە بکاتەوە.

- هاتبوون بەشوێنتدا.

بۆ نایکاتەوە؟ لەچی دەترسێت؟ پێم وابێ متمانەی بە هیچ شتێکی دەرەوە نەماوە. ناحەقی نییە، من تا لە ژووریێ بووم، عەلەمم نەبوو. هەموو ئەو بەڵایانەم کاتێ بەسەر هات، کە وەدەرکەوتم. لە هەموو لایەکەوە بۆم دەهات.

نەشمیل پێی کوت: بڕوا بکە زۆری خایاند تا توانیم بتناسمەوە. کوا من بەیانی ئاوا تۆم بەرێ کرد. دەتکوت لە بیابان هاتوویەتەوە، نوقمی خۆڵەمەڕە، خۆر تەواوی پێستی دەم و چاوتی سووتاندبوو. گشت جلەکانت لەتوپەت ببوو. هەر دەتکوت ڕزیون. کاتێ ویستم حەمامت پێ بکەم چ پەندێکم بەسەر هات! (بە دیتنی ئاو هەموو گیانم دەکەوێتە کاوەکاو.) سەد تۆخت بەرداوە. کاتێ ئاوم پێدا دەکردی وەک مار جینگڵت دەدا، وێک دەهاتییەوە، کۆ دەبوویەوە.

وەک ئەوەی ئێسقانێک لە گەروومدا بێ، بە دەنگێکی گڕ و ناخۆش کوتم: مەگەر نەمکوت درگایان لێ مەکەوە! نامەوێ بیانبینم. بۆ لە کۆڵم نابنەوە! ناتوانم نا! بۆ پێت نەکوتن دەستم لێ هەڵگرن! (ئەوە بۆ لە بیرت چووەتەوە؟! کوڕە بۆ خۆت چووی بە دوایاندا، ئەوان لە قسەی تۆ دەرناچن. "کوڕەکان لە منتان کەوێ! هەلێکی چاک ڕەخساوە، دەبێ وەها بەزمێک بگێڕین ئەوسەری دیار نەبێ. لە هەموو دنیادا دەنگ بداتەوە.") سوێندم خواردووە، بۆ هیچ بەزم و کۆڕێک نەچم. نەتکوت سازەکەی شکاندووە! (بۆ درۆ دەکەی بێ شەرەف!) ناچم، تەواو بوو. من ئەو ڕۆژە تەواو بووم. لەبەر ئەو درگا نەعلەتییە کۆڵم دا، گریپاچم کرد. لە خودامە ئەم قولپی گریانە لە گەروومدا گیر بکا. بەشکم بمخنکێنێ و ڕزگار بم. ئەو جار کە هاتن پێیان بڵێ زەڕنیخی خواردووە. (گریانەکەت لە ڕاستی ناچێ. چ بکەم بە دەست خۆم نییە، ناتوانم بڕوات پێ بکەم. هێندەم کەڵەک و کوڵەک لە تۆ دیوە، بەڵام دەڵێی ئەمجار فەرق دەکا. زۆر بە کۆلیلی دەگری. چییان لێ کردووی؟ چیت بەسەر هاتووە؟ لەبەر ئەو درگایەی باسی دەکەی؟ ئەو ماڵە لە کوێیە؟ هی کێیە؟ ڕەفیقەکانت دەڵێی وشک بوون، دەم ناکەنەوە. چیتان بەسەر هاتووە؟ لانی کەم باسی بکەن، بیخەنە دەرێ، با سووک بن. بەڕاستی زۆر سەیرە!) ئەرێ ئافرەت! تۆ دڵنیای ئەو پیاوانە هاتن بەشوێن مندا؟ خۆیان بوون؟!

نەشمیل لەبەر پەنجەرەکە واوە دێ، هەرچی بیر دەکەمەوە، وەبیرم نایە ئەو ماڵە پەنجەرەی بووبێ، تەنیا هەیبەتی درگا ئاسنەکەی لە مێشکمدا چەسپیوە.

- کوڕە ئەی چۆن! خۆیان بوون، کاک بایز و سوڵتان بوون. بەو نیونیشانە سوڵتان ڕانک و چۆغەیەکی ڕەشی لەبەردا بوو. زوڕناکەی لەناو قەدی پشتێنەکەی نابوو. کاک بایز... (ئەرێ ئەوە چییە، نیوەڕۆ خەو دەکەی! بەخوا ئابڕوومان دەچێ! بەڵێنمان بەو کابرایانە داوە. ئەویش چ کابراگەلێک! ئەرێ هەر بەڕاستی تەرەفەکانمان ژنن؟ "هەوڵ دەدەم قاقا بکێشم، بەڵام تەنیا خڕەخڕێکی ناخۆش لە گەروومەوە دێتە دەر.")یش تەپڵەکەی لە شان کردبوو. قەتم بەو جۆرە نەدیبوون، زۆر شاد و بە کەیف بوون.

بە ڕاستتە! گیانم دەڵێی دەرزی ئاژەن بووە. بڵێی لەم مۆتەکەیەی کەوتۆتە سەر ژیانم، ڕزگارم بێ. ئێستا نەشمیل تەواو دوور لە پەنجەرەکە ڕاوەستاوە. خۆزگەمە... ئەرێ، ئەو عەبا ڕەشە چییە لە بەری کردووە. حەیف نییە ئەو بەژن و باڵایە ئاوا داپۆشرێ؟ ئەویش بە ڕەنگێک کە من ئاوا ڕقم لێیەتی. دیسان هەستا پەردەکان داداتەوە. دەست دەبا بۆ دەسگیرەی پەنجەرەکە، دڵنیا بێ نەکراوەتەوە. ئەو جاریش پەشیمان دەبێتەوە لە دادانەوەی پەردەکان، لێوەکانی بەحاڵ لێک دەترازێ. زایەڵەیەکی سووک و لە سەرەخۆ: دەی ئەگەر دایکی درۆت نەگاوە، قۆڵ هەڵ ماڵە. قسە بەسە!

کێ ئەو قسانەی فێر کردووە؟ ئەو مێشی لە دەمی دەرنەدەکرد. ڕەنگە ڕۆژێک وەک مێشێکی پیس لەبن لاقمدا بیفلیقێنمەوە. خۆی شلوێ ناکا: دەی سوورەکەیم

بۆ بکرە!

به ئانقەست ئەو کایه نەفرەتاوییەی لەگەڵ پەنجەرە دەست پێ کردووە. چوونی یەک لە دوای یەک بۆ لای و نەکردنەوەی، لادان و بەردانەوەی بەردەوامی پەردەکان، جگە لە نانەوەی ئاژاوە و دڵەکوتە لەنێو مندا ئامانجێکی دیکەی نییە. قڵپەی خوێن، لە ناو ڕانییەوە وەک هێڵێکی سوور ڕێ دەکا. لە نزیک ناوکی ون دەبێ. بڕوانە! لێوەکانی سوور هەڵ گەڕاوە. "هەیهۆ، هەیهۆ، پیاوخۆرە!" مەمکە قوتەکانی لەژێر ئەو کراسە ڕەشە، وەک نوورێکی یەخسیر وایە. چاوەکانم بە تەواوی شەیدای هەڵبەز دابەزی... هێڵە سوورەکە ئێستا لە ناو مێشکم ڕێ دەکا. "ئەم شەو چیرۆکەکەم بۆ دەگێڕییەوە؟"

دیسان ئەم چیرۆکە نەفرەتاوییە، باسی قوڕ و بێ مانای ژنەکانی ناو ماڵە نەعلەتییەکە... پێوەدانی دووبارە و سەد بارەی درگاکان. شێو دانان و سفرە ڕازاندنەوە بۆ شەیتان. داوەتی جندۆکان، قڵپەی خوێن، سەر هەڵگرتنی هێڵێکی سوور لە نزیک ناوکەوە بۆ نێو مێشک...

– کەمێکیان دەست تێوە نادەی؟

هەردوو مەمکە بچووکەکانی لەناو مشت گرتبوو: وەرەزم... بۆ وەختێکی تر...

بڵێی دڵی نەئێشێ؟ دڵم تێکەڵ دێ. بۆنێکی ناخۆش هەست پێ دەکەم. تەواوی مێشکمی داگیر کردووە. هەست دەکەم خەریکە دەگەنێم. تۆش هەر وایت؟ درۆ نەکەی سووزمانی! نەشمیل چاوەکانی دەنێتە سەریەک، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشی: لە گێڕانەوەی چیرۆکەکەدا گەیشتینە ئەو جێگایەی کەسێک لە درگا دەدا و تۆ دەچی بیکەیتەوە.

(ئای خوایە! چەندە دەترسم لە کردنەوەی درگا. ئاخر ئێوە نازانن، بێ خەبەرن. من دەزانم کێ لە پشت درگاکەیە. ئەوە خەریکە شێت و هارم دەکا.)

– دەی کێ بوو؟

دەڵێم: ژنێک بوو، سەیرە! دەموچاویم نەدی. سەری داخستبوو. سەر و قژێکی یەکجار ڕەشی هەبوو. تەواوی گیانی لەبەر باران تلیسابووەوە.

– چی لەبەردا بوو؟ (شەیتان! ئەم ژنە خودی شەیتانە!) چی دەویست؟ (زۆر وەک پەیکەرێکی کەونارایی دەچوو، پەیکەری...)

– کاری بە من بوو. ئەرێ... کاتێ سەری هەڵهێنا، هەستم کرد هەموو گیانم خووسا. کراسێکی تۆڕی سووری لەبەر کردبوو. بەڕاستی سەیرە! لە داخان خەریک بوو دڵم بتۆقێ. ڕاست ئەو کراسە بوو دەمویست بۆ تۆی بکڕم. من دڵنیا بووم ئەو جلە تەنیا لە ژنەکەی من جوانە، بەڵام... بێ دەنگییەکی قورس.– شووشەیەکی پێ بوو، پێی دام و کوتی بیخۆوە! قورتمێکم لێ خواردەوە، – قڵپەی خوێن– هەستم کرد دەبێ بخەوم. ئەرێ، خەوێکی خۆش! کەمێکی دیکەم لێ خواردەوە: هەست بە تەڕایی ئێسقان و ناخ. دڵەکوتەی لە پڕ. چاو دەنێمە سەریەک: بە دوای ژنەکەدا وەڕێ کەوتم. (کەوایە چوویت!) لە دوای تێپەڕکردنی کووچە و کۆڵانێکی زۆر کە من لە عومرمدا نەمدیبوون، گەیشتینە بەر دەروازەیەکی ئاسنی ئێکجار مەزن! کۆشکێکی گەورە و هەزار بە هەزار.

– ژنە چی بەسەر هات؟

یانی تۆ نازانی؟ خۆت لە نابەڵەدی مەدە! لە پێشدا کوتی: تۆ و هاوڕێکانت بۆ ڕۆژی جومعە دەبێ لێرە بەزم بگێڕن! – بێدەنگییەکی کورت – دوایی دەمی هێنا بن گوێم و ڕازێکی لەلا درکاندم: بێ هۆ خۆت ماندوو مەکە! لەمێژ ساڵە ژنە ڕەشپۆشەکان لە درگا داخراوەکە دەدەن کەس لێیان ناکاتەوە.

حەح! ئەمە بوو ڕازەکەی؟ چ بێتام! گەرچی چاوەکانم بەستووە، بەڵام هەست دەکەم دەیەوێ لێم نزیک بێتەوە. گەرمای هەناسەی لە نزیک دەموچاوم هەست پێ دەکەم. بێ ئەوەی بە دەست خۆم بێ، چاوەکانم توندتر دەقوچێنم.

– چ بووە؟ دەمەوێ ماچت کەم. بۆ تێک چووی؟

دەباری... ئەو ڕۆژە بە ڕاستی سەیر دەباری. دەبێ ئێرە بێ... ئەرێ خۆیەتی. هەمان کۆڵان، هەمان درگا. (لە درگا دەدەی؟ دەزانم کەس نایکاتەوە) ئەم شەو دەبێ هەوڵ بدەم، هەر چۆنێکە پاشماوەی چیرۆکەکەت بۆ بگێڕمەوە. شایەدیش کۆتایی پێ بێنم. پێت چۆنە؟! دەی باشە، گوێم دەیە: کابرایەک لەبەر درگاکە دەستەوەستان ڕاوەستاوە. لە درگا نادا، بۆ لێی دا؟ دەزانێ کەس لە ژوورێ نییە تا لێی بکاتەوە. بێچارە... هەست بەبۆنێکی سەیر دەکا. ڕەنگە زۆر کەس پێیان ناخۆش بێ، بەڵام ئەو هەست دەکا ئەوە بۆنی گەنینی خۆیەتی! دەی کەوایە چۆن دەکرێ پێی ناخۆش بێ. نەخێر ئەو وانییە، هەر بۆیەش هەوڵ دەدا بە هەموو هێزی خۆی

هەڵی لووشێ. تێکەڵ ڕوحی خۆی کا. کراسە ڕەشەکەی بەری تەواو خووساوە و بە گیانییەوە نووساوە. (خۆزگە کراسێکی سوورم لەبەر کردبایە، بەگیانی ناخێرم دەچم بۆ شایی و دەبێ خەڵکانی دیش شاد کەم.) نەشمیل لەسەر گازەرەی پشت لێی کەوتووە. مەمکەکانی لەژێر کراسە تۆڕەکەی هەڵبەز و دابەزیانە؛ خۆزگە وەک دوو کانی دەتەقین و شەرابێکی خەستیان دەدەڵاند. ئەو هەموو خۆزیایەی ناوێ! دانیشتووم و پێک لەسەر پێک هەڵی دەدەم. بۆنەکەی هەڵدەلووشم، تا مۆخی ئێسقان، تا نێو جەرگەی ڕوحە کلۆڵەکەم. ڕوحە ڕزیوەکەم. شەراب لە پێکەکان سەرڕێژ دەکا. دەچم هەرچی دەفر و مەنجەڵی هەمانە دەیهێنم لێی پڕ دەکەم، بەڵام بە ڕاستی زۆر سەیرە خۆ وشکایی نایە. دەبێ چ بکەم؟ لە لایەکەوە خەریکە لە خۆشیان باڵ بگرم، کەچی دەشترسم لەو دەریایەدا بخنکێم...

– دەی توخوا بەسە.. ئێتر ماندوو بووم، ئەوەی ماوە دەیخەینە کاتێکی تر.

چەندە ڕقم لەم (تر)ـەیە. وەک مەتە ناو جەرگم کون دەکا. "نا... نا دەبێ کۆتایی پێ بێنم." خەو دەیباتەوە: باشە دەی...

ئەو کاتەی کابرا پەیتا پەیتا خەریکە لە درگا ئاسنەکە دەدا لەگەڵ گریانێکی بەکوڵ بە بانگ و سەڵا هاوار دەکا: بیکەنەوە! ماڵ کاولانە، دەی بیکەنەوە! هاوڕێکانی هەرکامە و پیلێکی دەگرن، دڵخۆشی دەدەنەوە، سوڵتان دەڵێ: ئێمە ئەرکی خۆمان بەجێ هێنا، هاتینە سەر قەرار، ئیتر نایکەنەوە خەتای خۆیانە. ڕەنگە بەزمەکەیان تێکچووبێ، موقەدەرێک قەومابێ. بایزیش لەگەڵ ئەوەی ماچی دەکرد کوتی: ئێمە پەیکی شادین، بەڵام کوڕەکان لەو وەختەی هاتووین هەست دەکەم ئێرە وەها نقومی نەفرەت و شوومییە کە ئێمە و ساز و ئاوازمان هیچمان لە دەست نایە. کوا باڵندەیەکم نیشان دەن. بۆ شیناوەردێ نابینم؟! دەقەیەک لەوە پێش ئێرا ئیسفاڵت بوو، کەچی توخوا تەمەشا کەن خەریکە لە خۆڵە مرەدا نوقم بین. با خۆمان دەرباز کەین!

– کوڕە من نەمکوت نایەم، ئاخر نامەردانە بۆ دەست لە یەخەم ناکەنەوە. هەر لەو کات و ساتە ئاستەمەدا، ژنە ڕەشپۆشەکان خەریکی هاتوچۆ لە ژوورەکاندان. هەر کامیان پێی وایە – دڵنیایە- ئەوەی تر دەچێ درگا دەکاتەوە. خەریکن سفرە ڕادەخەن، شێو دەڕازێننەوە. پەرداخەکان پڕ دەکەن لە شەراب، بۆنەکەی هەڵدەلووشن، دەیانخاتە سەما. کەسێک گۆرانی دەڵێ... ژنێکی باڵا بەرزی تەرپۆش سەرچۆپی گرتووە. بەپێچەوانەی ئەوانی دی، سەرتاپا سووری لە بەردایە. لە دەرێ باران ناباریێ، لە ژوورێ زۆر بە کاوەخۆ و هێواش؛ دڵۆپەکان لە لێواری پەرداخەکان دەکەون، تێکەڵ شەراب دەبن، دەنگی کەوتنی دڵۆپەی باران لەسەر سفرە، دەفرەکان، گۆزەکان، دەورییەکان، مۆسیقایەکی سەیری بەدی هێناوە.

– ماندوو بووی؟ تازە خەوم نایە، هەمووی بگێڕەوە! ئەو دەنگ و بەزم و هەڵایە ناتوانێ ئەو بۆنە ئێکجار ناخۆش و سەیرە داپۆشێ کە هەموو ماڵەکەی تەنیوەتەوە. بڵێی بۆنی شەرابەکە بێ؟! لەوە ناچێ... دەڵێی شتێک گەنیوە. ئەرێ دەبێ بۆنی ڕزینی چێ بێ...؟

چاو دەگێڕی، لە سەرەوەی ماڵەکە تەختێکی زۆر بەشکۆ دەبیندرێ. سێ نەفەر بە ڕێزەوە لە سەری دانیشتوون. سازەکانیان بە دەستەوەیە، دەڵێی لە حاڵەتی ژەنینی ئاهەنگێکی ئاسمانیدا وشک بوون. چاویان بە حاڵ ناوەتە سەریەک، نوقمی لەزەتێکی بێ کۆتایی. دەچییە پێشتر. ئەو حاڵەتەی تێیدان تێکەڵاوێکە لە شکۆ و بێ ئەنوایی، بەرزەفڕی لە حاند قوڕبەسەری. تۆ بڵێی هەمیشە ئاوا بووبێتن، یان ئانوساتێکی تایبەت بەسەریاندا دایسەپاندبێ؟ ئەوە چ بوو؟ بڕۆ پێشتر. چ دەبینی...؟ ئەوەی نێوەڕاست. پێم وابێ شتێکم بەلالێوەوە دێ، بڵێی چی بێ؟ مێرولەیەک بەحاڵ لە گۆشەی دەمییەوە سەری دەرهێناوە. سەر و دەستەکانی کەمێک دەجوولێنێ. دەچێتەوە ژوورێ.